# میراتی پیاوە نەخۆشەکە دابەشدەکرێت

## بۆ ئەم راپۆرتە، گفتوگۆ لەگەڵ کەسی نزیکی هەموو باڵەکان کراوە

راپۆرتی هێمن باقر



● نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی، لەگەڵ خۆیدا بابەتگەلێکی زۆری وروژاند، هەندێك کەس ئەو نەخۆشییەی تاڵەبانی-یان بە نەخۆشکەوتنی یەکێتیی چواند بە شێرپەنجەی تەکەتول، هەندێکی دیکەش، سەردەمی نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی-یان بە جۆرێك لە جۆرەکان بە سەردەمی (پیاوە نەخۆشەکە)ی دەوڵەتی عوسمانی وەسفکرد، کە لەدوا ساتەکانی تەمەنیدا گیرۆدەی بوو. بەراوردەکە هەر لەو روانگەیەوە نییە کە دوو جەستەی مەعنەوی روو لە لاوازبوونی گەورە دەکەن، بەڵکو ئەوەشە کە کۆمەڵێك میراتگر چاوەڕێی کاتژمێری سفری دابەشکردنی میراتی تاڵەبانی دەکەن، بە هەمانشێوەی ئەو میراتگرانەی کە چاوەڕێی میراتی دەوڵەتی عوسمانی بوون.

بەپێچەوانەی هەموو پێشبینییەکانەوە، تاڵەبانی چاکبوویەوەو گەڕایەوە دۆخی جارانی، بە جۆرێك، رەنگە مەرگی تاڵەبانی بۆ چەند ساڵێکی دیکەش دوابکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا، چاکبوونەوەی تاڵەبانی بە مانای چاکبوونەوەی یەکێتیی نەهات، هەروەها دەرگاشی لەسەر ئەو پرسیارە دانەخست کە دوای تاڵەبانی کێ جێگەی سکرتێری گشتی دەگرێتەوە؟

ئێستا جموجۆڵەکان لەناو یەکێتییدا بەو ئاڕاستەیەن، لەسەر تەختەی شەترەنجەکە، سێ یاریکەر دەبینرێن، بەڵام دواجار تەنها یەکێك لەوانە چانسی چوونەپێشەوەی دەبێت.

هەنووکە یارییەکە کورتبووەتەوە لەنێوان نەوشیروان مستەفا، کۆسرەت رەسوڵ عەلی‌و بەرهەم ساڵح، سەرەڕای ئەوەی کە کوتلەی چوارەمیش بەکاڵی دەبینرێت، کە بریتییە لە بنەماڵەی تاڵەبانی‌و ئیبراهیم ئەحمەد، بەڵام دەشێت هەر لە سەرەتاوە لەناو یاریکەرەکاندا، ئەمەیان بهێنینە دەرەوە، بەوپێیەی هێشتا یاریزانێکی پێنەگەیشتووی گۆڕەپانەکەن، بەڵام هەرگیز نابێت ئەوە لەیادبکەین کە رەنگە کوتلەی چوارەم رۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێت لەم مەسەلەیەدا.

نەوشیروان مستەفا ئەمین لەدایکبووی سلێمانی ساڵی ١٩٤٤ە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاڵەبانیدا، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردووەوە دەستپێدەکات، ئەو کاتەی تاڵەبانی لێپرسراوی لقی سلێمانی پارتی بووە، نەوشیروان لە سەرەتاکانی کاری سیاسییدا، دەچێتە ناو باڵی مەکتەبی سیاسیی‌و لە ساڵی ١٩٦٩دا، دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری رزگاری کە زمانحاڵی باڵی مەکتەبی سیاسیی بووە، پاشان کۆلێژی ماف(حقوق) لە زانکۆی بەغداد تەواودەکات‌و لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوودا، بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ئەورووپاو لە نەمسا دەگیرسێتەوە، بڕوانامەی ماستەر لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەدەستدەهێنێت‌و دەبێتە خوێندکاری دکتۆرا، بەڵام ساڵی ١٩٧٥ بۆ نەوشیروان ساڵی وەرگەڕان بوو لە خوێندنەوە بۆ سیاسەتکردن، چونکە لەم ساڵەدا تاڵەبانی لە رێی نامەیەکەوە، پێشنیاری دامەزراندنی پارتێکی سیاسیی‌و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی بۆ دەکات، نەوشیروان مستەفا وەك ئەوەی چاوەڕێی نامەیەکی لەوجۆرە بێت، واز لە خوێندنی دکتۆرا دەهێنێت‌و بەرەو شام بەڕێدەکەوێت‌و بەشداریی یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکێتیی دەکات.

هەرچەندە جیاوازیی تەمەنی نێوان تاڵەبانی‌و نەوشیروان یانزە ساڵە، بەڵام تاڵەبانی هەمیشە وەکو هاوڕێیەکی نزیك سەیریدەکات، ئەم هاوڕێیەتییەش، بەدەر نەبووە لە کارتێکردن‌و کاریگەریی دوولایەنە، بە جۆرێك، هەندێك کەس نەوشیروان مستەفا بە تیۆریزەکەری بیری جەلالیەت دادەنێن، زیاتر لەوەی وەك سەرکردەیەکی کۆمەڵە سەیریبکەن. نەوشیروان بۆ خۆی لە یاداشتەکانیدا ئەوە ناشارێتەوە کە دڵسۆزیی‌و وەفایەکی گەورەی هەبووە بۆ تاڵەبانی، هەروەك نابێت ئەوە لەبیربکەین کە خودی نەوشیروان بانگهێشتکراوی تاڵەبانییە بۆ

سەر سفرەی یەکێتیی.

بەدرێژایی مێژووی پانزە ساڵەی یەکێتیی لە ١٩٧٦ەوە بۆ ١٩٩١، هەمیشە نەوشیروان مستەفا لە بەرەی جەلالیەت بووە لە بەرامبەر ئەو جیابوونەوانەی کە روویداوە. لە سەرەتای هاتنەوەیدا بۆ کوردستان، لەسەر خەتی گشتی حساب بووە، بەڵام لەدوای شەهیدبوونی (ئارام)ەوە لەناو کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەدا، کەسێك نەبوو بتوانێت جێگەی سکرتێر بگرێتەوە، یان بەدیوێکی تردا، کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە لەنێوان خۆیاندا رێکنەکەوتن لەسەر هەڵبژاردنی سکرتێرێك، بەڵام هەموویان کۆك بوون کە جێگەی ئارام بە نەوشیروان پڕبکەنەوە، چونکە لەو سەردەمەدا رەمزێکی دیارو خوێنەوارێکی دیکەی وەکو ئەو، لەناو کۆمەڵەدا بوونی نەبووە. بەمجۆرە نەوشیروان بووە خاوەنی گەورەترین باڵی پێکهێنەری یەکێتیی‌و تەنانەت رابەرایەتیی یەکێتییشی گرتەدەست.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێت بوترێت نەوشیروان پراکتیزەکەرێکی فیکری تاڵەبانی بووە لە ئاستە لۆکاڵییەکەیدا بۆ ناو پێشمەرگەو رێکخستنەکان.

دەوترێت تاڵەبانی هیچ کاتێك بەرەنگاری نەوشیروان نەبووە لەوەی کە تەرحە فیکرییەکانی خۆی لەناو یەکێتییدا بڵاوبکاتەوەو جێبەجێیبکات، چونکە دواجار هەستی بەوە کردووە کە فیکری نەوشیروان لە منداڵدانی فیکری خۆیەوە سەرچاوەیگرتووە.

بەڵام یەکەمین بەریەککەوتن لەنێوان تاڵەبانی‌و نەوشیرواندا، لەدوای راپەڕینەوە روودەدات، کاتێك یەکێتیی رووبەڕووی ئەزموونی ئیدارەکردنی وڵات‌و هاوبەشی‌و رێککەوتن دەبێتەوە لەگەڵ پارتیدا. هەندێك، ئەمە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە تاڵەبانی ئەزموونی لەگەڵ ئیدارەکردندا زیاتربووە لە نەوشیروان کە لە شۆڕشی تەممووزەوە دەستپێدەکات. ئەوەی نەوشیروان نەیتوانی قبوڵیبکات، ئەو راستییە بوو کە لە ئەزموونی حوکمدارییدا، بەرژەوەندی زاڵدەبێت بەسەر بەهاکانی شاخدا، بە واتایەکی دیکە، دەشێت کەسەکان لە دەوری بەرژەوەندییەکان کۆببنەوەو حیزبیش ئەرکی ئەوەیە ئیدارەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان بکات، لەدوای ئەوەوە، نەوشیروان وندەبێت لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی‌و لە دەرەوەی وڵات خەریکی نووسینی چەند کتێبێك دەبێت‌و تا

ساڵی ١٩٩٩ دەرناکەوێتەوە. کاتێك گەڕایەوە، یەکێتی لە شەڕی ناوخۆدا جەستەی شەلاڵی خوێن ببوو. هاتنەوەی ئەمجارەی نەوشیروانیش، دیسان لەسەر داوای تاڵەبانی دەبێت، ئەوەی تێبینیدەکرێت لە ژیانی نەوشیرواندا، ئەوەیە کە کەسایەتیی بەهێزو کاریگەر بووە لە بەرامبەر تاڵەبانیداو ناچاریکردووە رێزیبگرێت‌و هەندێك جاریش سڵی لێبکاتەوە، بەڵام ئەوەی تاڵەبانی نەیتوانیوە بە شێوازە تایبەتەکەی خۆی کە توڕەبوون‌و قسەی زبرو هەندێك جاریش لێدانە، بە نەوشیروانی بکات، لە رێگای نازی هاوڕێیەتییەوە پێیکردووە.

بۆ نموونە؛ هەموو ئەو جارانەی کە تۆراوەو دوورکەوتووەتەوە، بە قسەیەکی تاڵەبانی گەڕاوەتەوە. هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە هەندێك رەفتاری تاڵەبانی بێزارە، بەڵام وەکو هاوڕێ‌و سکرتێر نەیتوانیوە دەستبەرداری تەواوەتی تاڵەبانی ببێت.

نەوشیروان مستەفا ساڵی ١٩٩٢ لە کوردستان دووردەکەوێتەوە، بەڵام رەمزێکی دیکە لە یەکێتییدا دەردەکەوێت، ئەویش؛ کۆسرەت رەسوڵ عەلی- یە. ئەوەی چانسی دەرکەوتنی زیاترکرد، هەڵبژاردنی بوو بە سەرۆکی‌دووەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمە جگە لەوەی، وەکو سەرکردەیەکی سەربازیی ئازا، لە پرۆسەی راپەڕین‌و رزگارکردنی رانیەو هەولێردا، رۆڵی گەورەی گێڕا.

کۆسرەت رەسوڵ، سوودی لە پێگە سیاسیی‌و حکومییەکەی بینی بۆ ئەوەی زۆرترین کەس لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. لەمەشیاندا کەسێتیی کۆمەڵایەتیی خۆی، رۆڵی گرنگی هەبوو، گەورەترین سیفەتی کۆسرەت رەسوڵ، هێزی راکێشانی ئەوە بۆ کەسایەتییە کۆمەڵایەتیی‌و هۆزو خێڵە جیاوازەکانی کوردستان‌و دابینکردنی ژیان‌و بەرژەوەندییان، هەروەها هەوڵیدا ژیان‌و بەرژەوەندیی توێژێکی گەورەی خەڵکی کوردستان ببەستێتەوە بە خۆیەوەو لەمەشدا سوودی لە پارەی بەردەستی بینی وەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێم.

هەرچەندە کۆسرەت رەسوڵ بە قوتابییەکی قوتابخانەی نەوشیروان دادەنرێت، چونکە لەسەر داوای ئەو هاتووەتە دەرەوەو ساڵی ١٩٨٣یش لەسەر پێشنیاری ئەو بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە، بەڵام کاتێك ساڵی ١٩٩٩ نەوشیروان گەڕایەوە سلێمانی، بینی لەلایەن

قوتابییە هەولێرییەکەی دوێنێیەوە کە خۆی بە کەمتر نەدەزانی لە بەرامبەر ئەودا، سلێمانی داگیرکراوە. ئەمەش ئەو هەستەی لەلای نەوشیروان مستەفا دروستکرد کە دەبێت سلێمانی ئازادبکرێت‌و لێرەشەوە دەستیکردە سلێمانیچێتی، تەنانەت ساڵی ٢٠٠١، کاتێك مام جەلال، د. بەرهەم-ی گێڕایەوە بۆ کوردستان‌و کردی بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەوشیروان مستەفا پشتگیرییکرد. بەوپێیەی سلێمانییەك دێتەوە سلێمانی رزگاردەکات، بەڵام ئەو پێشبینییە وەکو خۆی دەرنەچوو، بەتایبەتی لەبەرئەوەی د. بەرهەم رای وابوو کە سلێمانی دەبێت بۆ هەموو کوردستان بێت، بە پێچەوانەی کاك نەوشیروانەوە کە رای وابوو دەبێت بەر لە هەموو شتێك سلێمانی بۆ خزمەتی سلێمانی بێت.

دەشێت ئەوە بە خاڵی سەرەتای دەرکەوتنی ناکۆکییەکانی نێوان د. بەرهەم‌و نەوشیروان مستەفا، دابنرێت.

یەکێتیی لە بنەماوە، هێزێکی نیمچەبەرەییەو لە دروستبوونی سێ باڵی جیاوازەوە پێکهاتووە، لەبەرئەوە بەدرێژایی مێژووی ٣١ ساڵەی، پێویستی بەوە بوو کێشە ناوخۆییەکانی خۆی بنێرێتە دەرەوەی جەستەی حیزبەکە، هەربۆیەش دەبینین شەڕ بەرامبەر هێزەکانی دیکە، بەشێکی گەورەی مێژووی یەکێتیی پێکدەهێنێت، بەپێچەوانەوە، لەو کاتانەی ئاشتی هەبووەو بارودۆخ جێگیربووە، ململانێ‌و ناکۆکیی گەورە لەناو خودی یەکێتییدا سەریهەڵداوە، هەربۆیە یەکێتیی پێویستی بەوە هەبووە بۆ دوورخستنەوەی ئەم ناکۆکییە لە ناوەوەی خۆی، ناکۆکییەکان ئاراستەی دەرەوە بکات، بەوپێیەی هەمیشە لەو کاتانەی کە یەکێتیی رووبەڕووی مەترسی گەورە بووەتەوەو تووشی تەنگژەی سیاسیی بووە، یەکێتیی وەکو هێزێکی یەکگرتووو تۆکمەو هاوبیروباوەڕ، دەرکەوتووە.

لەژێر رۆشنایی ئەم تەفسیرەدا، دەشێت بڵێین بارودۆخی جێگیری ئەم چەند ساڵەی هەرێمی کوردستان، ململانێکانی یەکێتیی زەقکردووەتەوە تا ئاستی تەقینەوەی ئێجگاری. رەنگە یەکێتیی لەمەدا، پێویستی بە تەنگژەیەکی قووڵ، یان موفاجەئەیەکی چاوەڕواننەکراوو خراپ، یان کارەساتێکی گەورە هەبێت، بۆ ئەوەی یەکیبخاتەوە.

نووسینی نامەکە، لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی

مەکتەبی سیاسییەوە، ململانێکانی ناو یەکێتیی بردە قۆناغێکی ترەوە کە تیایدا داوای شەفافیەتی زیاتریان لە کاروباری حیزبیو داراییدا کردبوو، هەروەها جەختیان کردبووەوە لەسەر دانانی سنوورێك بۆ سەلاحیاتەکانی سکرتێری گشتی، ئەم نامەیە کە دواتر لە میدیاکاندا بلاوکرایەوە، زیاتر نەفەسی نووسینی نەوشیروان مستەفا بەسەریدا زاڵبوو، بەلام دەوترێت پێشنیاری نارەزایەتییەکە لەلایەن کۆسرەت رەسوڵەوە بووە. ئەم یاداشتی نارەزاییە، بەرهەم ساڵح-یش ئیمزایکرد.

باڵی نەوشیروان هەریەکە لە کۆسرەت رەسوڵو بەرهەم ساڵح بەوە تۆمەتباردەکەن کە لە ئیمزاکردنی ئەو بەیاننامەیە کشانەوەو بێبەڵێن دەرچوون لە ئاستی ئەو هاوپەیمانێتییەدا کە لەسەری رێککەوتبوون، هەندێك پێیانوایە کە کۆسرەت رەسوڵ ئیمزاکردنی ئەو بەیاننامەیەی تەنها وەکو کارتێکی فشار لە بەرامبەر تاڵەبانیدا بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ئاماژەیەکی پێبدات کە دەتوانێت دژی بوەستێت، یان لانیکەم هێزی خۆی نیشانبدات. هەروەکو دەوترێت مام جەلال زیرەك بوو لە گەمارۆدانی ئەو بابەتەدا، سەرەرای ئەوەی لە رووکەشدا هیچ تورەییەکی دەرنەبری بەرامبەر ئەوانەی کە ئیمزایان لە دژی کرد، بەلام بە ئاراستەیەکی دیکەدا کەوتە پەرتکردنو بلاوەپێکردنیان، بۆ نموونە؛ بەزوویی د. بەرهەم ساڵحی لە گەمەکە هێنایە دەرەوە، هەروەها کۆسرەت رەسوڵی رازیکرد لە کشانەوە هاوپەیمانییەتەکەی لەگەڵ نەوشیرواندا، لەمەشدا سەرکەوتوو بوو. بە بروای هەندێك، هەر لە سەرەتاوە، گرەوی نەوشیروان لەسەر کۆسرەت رەسوڵ گرەوێکی دۆراو بووە، چونکە لە بنەرەتەوە کۆسرەت باوەری بە پرۆژەی ریفۆرم نەبوو، بەڵکو ئەو پێویستی بە هاوپەیمانییەك هەبوو کە نرخی کرینەوەی لەلای مام جەلال زیاتربکاتو لەمەشدا سەرکەوتوو بوو.

ئەوەی مایەوە لە گەمەکەدا لە بەرامبەر مام جەلال، تەنها نەوشیروان مستەفا بوو، مام جەلال کەوتە شەنو کەوکردنی داواکارییەکانی ئەوو لەسەر بنەمای پێشنیارەکانی ئەو، چەند هەنگاوێکی نا، لەوانە؛ هەڵبژاردنی رێکخستنو بەستنی پلنیۆم.

هەڵبژاردنەکان لە کۆتاییەکانی ساڵی رابردوودا، لە بارودۆخێکی توندوتیژو پر گێرەو کێشمەی تونددا، ئەنجامدرانو بە هەر نرخێك بوو، تاڵەبانیو کۆسرەت رەسوڵ بە براوەیی لە گەمەکەدا هاتنە دەرەوە، ئەوەی کە دۆراوی یەکەمو کۆتایی گەمەکە بوو، کوتلەی نەوشیروان مستەفا بوو، هەرچەندە ئەوان گلەیی توندیان هەیە لەوەی هەڵبژاردنەکە لەژێر کاریگەریی هەرەشەو پارەدا بەرێوەچووە. سەرەنجام، نەوشیروان مستەفا بریاری هاتنەدەرەوەی لە یەکێتیی راگەیاندو لەگەڵ چەند کەسێك لە هاوکارەکانی هاتە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، قورساییەکی گەورە لەو سەرکردە سیاسیو سەربازییانەی لەگەڵیدا بوون لە حیزبدا، مانەوە.

هەرچەندە نەوشیروان رایگەیاند کە ئەو سەرقاڵدەبێت بە کۆمپانیایەکی راگەیاندنەوە، بەلام بەلای هەندێکەوە ئەو هاتنەدەرەوەیە بە جۆرێك لە فشارو خۆرێکخستنەوە دەزانن بۆ دەستبەسەراگرتنی تەواوەتی یەکێتییو کۆنترۆڵکردنی، بەتایبەتی ئەگەر ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین کە نەوشیروان هەرگیز نەیتوانیوە بەتەواوەتی لە سیاسەت دابرێتو ئەو جارانەش کە دابراوە، سەرەنجام گەراوەتەوە، بەلام رەنگە گەرانەوەی ئەمجارەی نەوشیروان، ئاسایی نەبێتو ئەگەر ئەو فرسەتەی بۆ هەڵبکەوێت گۆرانی گەورە لە یەکێتیدا دروستبکات، بەر لە تەواوبوونی رۆڵی وەك سەرکردەیەکی سیاسیی.

ئێستا دەتوانین بڵێین یەکێتیی بە هەمانشێوەی دروستبوونی، لە سێ باڵی سەرەکی پێکدێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دابەشبوونی ئەمجارە، بە دەوری رەمزدایە، نەك بەرنامەی سیاسیی، هەریەك لەو رەمزانەش، لەوانەن کە چاویان لە ئایندەی یەکێتییو بەدیاریکراویش لەسەر سکرتێری داهاتووی یەکێتییە. نەوشیروان مستەفا بە ئەزموونترینو کۆنترین سەرکردەی یەکێتییە. جگە لەوەی ماوەیەکی دووردرێژ سکرتێری کۆمەڵە بووە، لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٩-١٩٩١ سەرکردەو بریاربەدەستی فیعلی یەکێتیی بووە، ئەوانەی لە نەوشیروانەوە نزیکن، بەشێکی هەرەزۆریان کادیری کۆمەڵە بوون، بەلام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە لە ئێستادا هەموو کۆمەڵە لە زەمیلەکەی ئەودا بێت، بۆ نموونە؛ کۆسرەت رەسوڵ بۆ خۆی لە سەرەتادا لەسەر کۆمەڵە حساب بووەو ماوەیەکیش لێپرسراوی رێکخستنە نهێنییەکانی خوێندکاران بووە لە شاری هەولێر، هەروەها مەلا بەختیارو ئەرسەلان بایز کە لە ئێستادا بە باڵی تاڵەبانی دادەنرێن، پێشتر کادیری پێشکەوتوو و بگرە لە سەرکردەکانی کۆمەڵە بوون. سەرەرای ئەوەش، نەوشیروان مستەفا بەشێك لە فەرماندە سەربازییەکانی لەگەڵدایە کە رەنگە هاوتا یان نزیکبێت لە نیوەی هێزی سەربازیی یەکێتییەوە. خاڵی لاوازی ئەم باڵە ئەوەیە، کە دوو دەزگای گەورەی لەبەردەستدا نییە، ئەویش؛ پارەو زانیارییە کە لە دەستی بنەماڵەی تاڵەبانیدایە، هەرچەندە دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە نەوشیروان ئەرشیفستێکی وردەو لەم رووەشەوە سوودی لە ئەرشیفی خۆیو حیزبو ئەو سەردەمەی دەزگاش وەرگرتووە کە لەژێر سەرپەرشتیی دۆستە نزیکەکانیدا بووە.

چانسی نەوشیروان مستەفا بۆ سکرتێری گشتی، چانسێکی بەهێزترە لە هەموو کەسێك، لەبەر چەند تایبەتمەندییەك کە لە خودی ئەم کەسایەتییەدا هەیە، ئەویش؛ ئەوەی کە هەر لە بنەرەتەوە، دوو جەمسەری گرنگ لەناو یەکێتیدا قبوڵیانە، ئەوانیش بریتین؛ لە سەربازییەکانی ناو یەکێتیی، بەوپێیەی کۆنترین سەرکردەی یەکێتییەو ئەزموونیان لەگەڵیدا هەیە، هەروەها خوێندەوارو رۆشنبیرەکانی ناو یەکێتیی کە وەکو رۆژنامەنووسو تیۆریزەکەرێکی سیاسیی سەیریدەکەن کە ئاشنایەتیی لەگەڵ قەڵەمو نووسیندا هەیە، نەوشیروان پیاوێکی ستراتیژییە، بەلام دبلۆماسی نییە، لەنێوان هیچو هەموویدا یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، سەرکردەیەکی خاکییەو ژیانێکی سادەی هەیە، کەمتر حساب بۆ رێکپۆشیو ئەتەکێتی سیاسیی دەکات، دەتوانرێت بوترێت هەتا ئێستاش پێشمەرگەیە، لەبەرئەوەی پۆستی وەرنەگرتووە، تۆمەتبار نییە بە گەندەڵیو بەفیرۆدانی پارە، هەر ئەمەشە زمانی والاکردووە بتوانێت لەسەر هەموو کەس قسەبکات، بەلام ئەمە بە مانای ئەوە نییە ئەوانەی لە دەوری ئەون، هەمان سیفەتیان هەبێت. وا دەردەکەوێت لەلایەن سەرکردەکانی تری یەکێتییەوە تەنها رەمزێك بێت کە قبوڵی ئەوە بکەن ببێتە براگەورەیان، خاوەنی کوتلەیەکی ئاگرینە، بە جۆرێك، هەستدەکرێت هێشتا حەماسەتی چەپ بەسەریاندا زاڵە.

نەوشیروان مستەفا کەسێکی رەقو توندوتیژە لەگەڵ کادیرەکاندا، هەر لەبەرئەوەش زۆرجار سڵی لێدەکەنەوە، هەمان سیفەت کە لە تاڵەبانیدا هەیە، بەلام وەکو تاڵەبانی قسەخۆشو نوکتەباز نییە. عەیبی گەورەی ئەوەیە؛ تەنها دەتوانێت

لەگەڵ ئەوانەدا هەڵبکات لە خۆیەوە نزیکن، یان لەگەڵیدا دەگونجێن، بە پێچەوانەی تاڵەبانییەوە کە دەتوانێت لەگەڵ هەموو کەسێکدا هەڵبکات‌و لە دەوری خۆی کۆیانبکاتەوە، تەنانەت ئەوانەش کە رۆژێك لە رۆژان دژایەتیی راستەوخۆیان کردووە. پێدەچێت بەرهەم ساڵح لەم سیفەتەدا نزیکتر بێت لە تاڵەبانییەوە تاوەکو نەوشیروان. نەوشیروان تەمەنی ٦٣ ساڵە، دە ساڵ لە تاڵەبانی بچووکترەو شانزە ساڵیش لە بەرهەم ساڵح گەورەترە.

کێشەی گەورە لەبەردەم چانسی سکرتێرییەکەیدا، ئەوەیە زەمەن لە بەرژەوەندییدا نییە، بەتایبەتی کە رەنگە تەمەنی تاڵەبانی چەند ساڵێکی دیکەش بخایەنێت، وەکو دەوترێت نەوشیروان چاوەڕێی قۆناغی دوای تاڵەبانی دەکات، بۆ ئەوەی دەستبخاتە ناو یەکێتییەوەو جارێکی دیکە سەرلەنوێ دایبرێژێتەوە. هەندێك کەس هاتنەدەرەوەی لە حیزب، بە جۆرێك لێکدەدەنەوە کە خۆتەرخانکردنیەتی بۆ ئەم کارە.

ئەوەی چانسی نەوشیروان مستەفا زیاتردەکات لەم قۆناغەدا بۆ سکرتێری گشتی، ئەوەیە کە تەواوی سەرکردایەتی‌و کادیرە مامناوەندییەکانی یەکێتیی، هەنووکە لەگەڵ گرێیەکی دەروونی گەورەدا دەژین، ئەویش گرێی بچووکبوونەوەو لاوازبوونە لە بەرامبەر پارتیدا، بەلای هەندێکەوە، نەوشیروان ئەو کەسەیە کە دەتوانێت یەکێتیی لەم بارودۆخە دەربهێنێت‌و لەم گرێ دەروونییە رزگاریانبکات‌و سەنگ‌و قورسایی یەکێتیی لە بەرامبەر پارتیدا، بگێڕێتەوە. نەوشیروان گوێ لە پێشنیاری دەوروبەرەکەی دەگرێت، بەڵام بڕیاری کۆتایی تەنها لای خۆیەتی، یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی نەوشیروان مستەفا ئەوەیە زیاتر وەکو سەرکردەی سلێمانی دەناسرێت تاوەکو کوردستان، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، سلێمانیچێتی زیاتری پێوە دەبینرێت، ئەم خاڵەش لە هێرۆ خان‌و بنەماڵەی ئیبراهیم ئەحمەدی نزیکدەکاتەوە. هەرچەندە هەندێك کەس پێیانوابوو کە دوا وتاری هێرۆ خان لە گۆڤاری خاکدا، وەڵامێکی توند بووە بۆ نەوشیروان، سەبارەت بەو قسانەی لەسەر داهات‌و سەرمایەی ئەو بنەماڵەیە کردوویەتی. نابێت ئەوەش لەیادبکەین کە ئەم باڵە لە کەرکوکیشدا کوتلەیەکی بەهێزی هەیە.

هەرچی سەبارەت بە کۆسرەت رەسوڵ عەلییە، بەرلەوەی وەکو سەرکردەیەکی سیاسی بناسرێت، سەرکردەیەکی سەربازیی‌و مەیدانی بووە، لە چەندین شەڕی حیزبی‌و نەتەوەییدا، هاوشانی پێشمەرگە لە سەنگەردا بووەو ئازایەتیی گەورەی پیشانداوەو زۆرجاریش بردنەوەی مسۆگەر کردووە. ئەم سیفەتەش لەناو جەماوەری یەکێتییدا، خۆشەویستی کردووە. بڵاوبوونەوەی بەناو عەشایەرو سەرۆك خێڵەکاندا لە هەموو سەرکردەکانی تر، زیاترە. هونەری راکێشانی توێژە جیاجیاکانی هەیە، تەنانەت لەناو رۆشنبیران‌و نوخبەکانی کۆمەڵگاشدا، جێی خۆی کردووەتەوە. بەتایبەتی لە زانکۆکاندا، کە ساڵانێکی درێژ بڕیاری یەکلایی لەلابووە بۆ دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی زانکۆ.

قورسایی جەماوەری کۆسرەت، لە شاری هەولێرە، بەجۆرێك، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەندێك لە کۆمیتەکانی ئەو شارە خۆیان بە کۆسرەتی دەزانن نەك جەلالی. هەندێك جار قورسایی جەماوەری کۆسرەت زیاتربووە لە قورسایی جەماوەری پارتی لە هەولێردا. کۆسرەت رەسوڵ پیاوێکی ستراتیژیی نییە، بەڵام سەرکردەیەکی واقعی‌و مەیدانییە. خاوەنی ئەزموونێکی زۆرە، لە پێشبینیکردندا، زیرەکە، خاوەنی سامێکی تایبەتی‌و هەیمەنەیەکی جەماوەرییە، زیاتر لەو سەرکردانە دەچێت کە ئەگەر زەمەنی دەرکەوتنی ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستا بووایە، دەیتوانی کۆنترۆڵی کوردستان بکات لە بەرژەوەندیی خۆی، بەڵام تێپەڕبوونی زەمەن‌و گۆڕانی گەورەی مێژوویی ناوچەکە لە بەرژەوەندیی ئەودا نەبووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، کۆسرەت لەناو حیزبدا بە ئەندازیاری موئامەرە دادەنرێت، ئەوەی راستەوخۆ بەرامبەر کەسێك بۆینەکرێت، ناڕاستەوخۆ چەندقاتی بەرامبەر دەکاتەوە، بۆ دەرەوەی یەکێتییش، پەیوەندیی ژێربەژێری لەگەڵ چەندین سەرکردەو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانی دیکەدا هەیە. بەم پێیەش بە ئەندازیاری تەکەتول‌و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ناو حیزبە بچووکەکان‌و گۆڕینی سەنگەریان لە بەرژەوەندیی یەکێتییدا، دادەنرێت.

کۆسرەت رەسوڵ، کەسێکی پراگماتیکییە، جوڵەی بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، بەڵام کێشەی گەورەی ئەوەیە بەشێکی زۆری ئەوانەی لە دەوری کۆبوونەتەوە پراگماتی بیردەکەنەوە. هەر لەبەرئەوەشە هەندێك جار بە باڵی کۆسرەت رەسوڵ دەوترێت (دابەش دوو)، بەتایبەتی کە پۆستی سەرۆکی حکومەتی لە دەستدا نەما، بەرەبەرە هەندێك لەو کادیرە ناوەندییانەی لەگەڵیدا بوون، دەچنە کوتلەکانی ترەوە.

بیرکردنەوەی کۆسرەت رەسوڵ جیاوازە لە شێوازی بیرکردنەوەی نەوشیروان، چونکە زیاتر لە ئێستادا دەژی نەك ئایندە، تەرکیز لەسەر ئەنجام دەکات نەك رێگاکانی گەیشتن بە ئەنجام. هەرچەندە ئەو تیپەی لەگەڵ کۆسرەت رەسوڵدایە بەبەراورد بە کوتلەکانی دیکە، زۆر گەورە نییە، بەڵام بەچاکی دەتوانێت یاری پێبکات، قورسایی لەنێو سەرکردایەتیدا لاوازە، بەڵام لەنێو کادیری ناوەندیدا، قورساییەکی گەورەی هەیە، ئاستەنگی گەورەی بەردەم کۆسرەت رەسوڵ، نەخۆشیەکەیەتی، وەکو جاران، بواری بەڕێوەبردنی ململانێکانی نادات. نزیکی کۆسرەت لە دوو باڵەکەی دیکەوە، هیچ شتێك دیاریناکات، جگە لە بەرژەوەندییەکانی، لە حاڵەتی کتوپڕو هەڵبژاردنی پێشوەختدا، چانسی سکرتێری یەکێتیی هەیە. لەنێو هێزی پێشمەرگەدا، لایەنگیرو قورسایی هەیە. هەرچەندە کۆسرەت بە هەولێرچی دەناسرێت، بەڵام دەتوانین بڵێین قورسایی لە دەرەوەی مەرکەزی سلێمانیشدا هەیە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی گەرمیان‌و شارەزوورو رانیەو قەڵادزێ.

ئەگەر نەوشیروان ببێتە سکرتێری یەکێتیی، وایپێدەچێت کۆسرەت رەسوڵ‌و باڵەکەی قبوڵی بکەن، بەڵام هەرگیز سکرتێریی د. بەرهەم قبوڵناکەن، بەپێچەوانەوە، بەلای باڵی نەوشیروانەوە کە رەگی سلێمانیچێتییان تێدایە، بەرهەم قبوڵترە تاوەکو کۆسرەت رەسوڵ، دیارە وەکو سکرتێر نا، بەڵکو وەکو یەکێك لە سەرکردەکانی یەکێتیی.

ململانێکانی نێوان بەرهەم ساڵح‌و نەوشیروان مستەفا، زەقترە لە ململانێکانی نێوان بەرهەم‌و کۆسرەت رەسوڵ، چونکە بەرهەم ساڵح نایەوێت لەم کاتەدا کێشەی کۆسرەت رەسوڵ بۆ خۆی دروستبکات. بەرهەم ساڵح کوڕی نازداری تاڵەبانییە. بەجۆرێك هەندێك جار بە کوڕی بنەماڵە دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ هێرۆ خان نێوانی باش نییە، هەر لەبەرئەوەشە هێرۆ خان بە باوەڕێکی خراپی د. بەرهەم دادەنرێت. بەرهەم ساڵح لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٠ە، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە یەکێتییەوە کردووەو ساڵی ١٩٧٩ چووەتە بەریتانیاو ماستەری لە ئەندازیاریی شارستانی‌و دکتۆرای لە ئامارو کۆمپیوتەردا هەیە، لە

زانکۆکانی لیڤەرپۆڵو کامبرێدج. بۆ یەکەمجار مام جەلال لە ساڵی ١٩٨٧ بینیویەتیو پێی سەرسامبووەو داوایلێکردووە بچێتە ئەمریکاو مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی لەو وڵاتە بەڕێوەبەرێت. ساڵی ١٩٩٢ مام جەلال هێنایەوە بۆ کوردستانو کردی بە ئەندامی سەرکردایەتیی، ئەوکاتە تەمەنی ٣٢ ساڵ بوو. هەرچەند مام جەلال خۆی بە دارێژەری پەیوەندیی نێوان یەکێتیو ئەمریکا دادەنرێت، بەڵام د. بەرهەم توانی پەرە بەو پەیوەندییانە بداتو ببێتە ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان تاڵەبانیو ئەمریکییەکان، جگە لەوە، توانی تێڕوانینەکانی تاڵەبانی لەسەر ئەمریکییەکان بگۆڕێتو بەپێچەوانەشەوە، هەروەها توانی لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییانە سیاسەت بکاتو بەرگرییش لە تاڵەبانی بکات لەلای ئەمریکییەکان، بەتایبەتی کە تاڵەبانی پێشتر لە تێڕوانینی ئەمریکادا وەکو هاوپەیمانی ئێران حسابی بۆ کرابوو.

د. بەرهەم پەروەردەکراوی ناوەندە سیاسیو دیپلۆماتییەکانی ئەمریکایە، شارەزای زۆری ئەتەکێتی سیاسییە، کەسێکی ڕێکپۆشو زمانزانو ڕەوانە لە قسەکردندا. دەتوانێت بەخێرایی سەرسامی لەسەر بەرامبەر دروستبکات، هەرچەندە باڵی تاڵەبانی بۆ خۆی لە چەند کوتلەیەکی بچووکتری ناتەبا پێکدێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی د. بەرهەم لەنێو ئەو باڵەدا دیارترین ڕەمزە کە بتوانێت جێگەی تاڵەبانی بگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، لە ناکۆکیی تونددایە لەگەڵ چەند کەسێکی نێو باڵەکە. ئەوەی یارمەتی سەرکەوتنی بەرهەم ساڵح دەدات لە ململانێکاندا، پشتگیریی بێمەرجی تاڵەبانییە، بەجۆرێك، هەستدەکرێت تاڵەبانی بەهێواشی ئامادەیدەکات بۆ ئەوەی جێگەی خۆی بگرێتەوە. دەتوانرێت بوترێت نەوشیروان مستەفاو د. بەرهەم هەردووکیان درێژەپێدەری ڕێبازی جەلالیین، بەڵام جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە نەوشیروان لە فیکردا جەلالییەو لە پراکتیکدا خۆیەتی. لە کاتێکدا د. بەرهەم فیکری پەرەپێدراوی تاڵەبانییە بە ڕەنگو بۆی خۆیەوە لەگەڵ شێوازی جەلالییانە لە پراکتیکدا. لەلای نەوشیروان جەلالیەت لە مێژووی خۆیدا، هەڵگری چەندین سەرکەوتنو تێکشکاندنە، لەبەرئەوە موحافیزەکارترە لە پابەندبوون بە فیکری جەلالیەتەوە. لە کاتێکدا د. بەرهەم ئەم ئەزموونەی نییە، لەبەرئەوە رادیکاڵترە لە گۆڕان لەم تەرزە بیرکردنەوەیەدا. بۆ نموونە؛ لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە، نەوشیروان مستەفا دەچێتە بەغداو لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووردا، بەشداریی دەکات، بەڵام کۆپییەکی محەلی جەلالیەتە، لەبەرئەوە بەرگەی دەمەقاڵەی شیعەکان ناگرێتو دەگەڕێتەوە کوردستان، لە کاتێکدا د. بەرهەم لەسەر ئاستی عێراقدا سیاسەت دەکاتو دەتوانێت هەموو لایەکیش لە خۆی رازیی بکات، هەمان سیفەتیش لە تاڵەبانیدا هەیە.

هەروەها لە دوا پرۆژەی بەرهەم ساڵ کە وەکو جێگری سکرتێری گشتی پێشکەشی مەکتەبی سیاسیی کردووە، ئاماژەی بەوە کردووە کە یەکێتیی لە پێنج دەزگا بکشێتەوە، ئەوانیش دەزگاکانی پێشمەرگە، زانیاری، زانکۆ، ڕێکخراوە دیموکراتییەکانو بازاڕ(ئابووری)ە، ئەمەش ڕەنگە کارێکی رادیکاڵیی بێتو بەئاسانی قبوڵنەکرێت لەلایەن ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسییو سەرکردایەتییەوە.

دوای ئەوەی نەوشیروان لە حیزب کشایەوە، مام جەلال بەخێرایی ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە، کاتێك هەریەکە لە کۆسرەت ڕەسوڵو بەرهەم ساڵحی وەکو جێگری سکرتێر دەستنیشانکرد. لەدوای ئەوەوە، جموجوڵەکانی د. بەرهەم لەناو حیزبدا رووی لە زیادبوون کردووە، هەندێك پێیانوایە ئەمە ئاماژەی خۆئامادەکردنی ئەوە بۆ قۆناغی دوای تاڵەبانی، بەڵام هەندێکی دیکە وا سەیریدەکەن کە ئەو جموجوڵە بۆ تەعادولە لەگەڵ نەوشیروانو کۆسرەت ڕەسوڵدا. هەندێك لەو باوەڕەدان زۆرینەی سەربازییەکانی ناو یەکێتیی بەوە رازیی نابن د. بەرهەم ببێتە سکرتێری گشتی، چونکە کەسێکە مێژووی شاخی نییەو بەشێوەیەکی سروشتیش نەهاتووەتە ریزی سەرکردایەتیی یەکێتیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێدەچێت سەرکردە سەربازییەکانی نزیکی مام جەلال قبوڵیبکەن، چونکە ڕێزیان دەگرێتو پارەشیان دەداتیو هەندێك جاریش کەلوپەلی سەربازیی بۆ پەیداکردوون. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین، خۆشەویستیی مام جەلال بەلای سەربازییەکانەوە لە ئازایەتیی مام جەلالەوە نایەت لە شەڕدا، بەڵکو لە زمانزانیو سیاسەتوانییو زیرەکیی مام جەلالەوە دێت کە د. بەرهەم دارای ئەم سیفاتانەیە.

سەرەڕای ئەوەی لەم قۆناغەدا چانسی سکرتێری گشتی بۆ نەوشیروان مستەفا زیاترە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك وا دەبینن ئایندەی یەکێتیی بۆ د. بەرهەم دەبێت، ئەگەرچی ڕەنگە ئەوە چەند قۆناغێکی دیکە بخایەنێت.

گرفتی سەرەکی د. بەرهەم ئەوەیە کە لەناو باڵی مام جەلالدا هەموویان پێی رازیی نین، هەربۆیە لە بەرژەوەندیەتی لەم بارودۆخەدا بیر لە سکرتێری گشتی نەکاتەوە، بەڵکو وا باشترە خۆی هەڵگرێت بۆ قۆناغی دوای دوای تاڵەبانی.

هەرچی سەبارەت بە کوتلەی چوارەمە، لەلایەن هێرۆ خان، خێزانی تاڵەبانیو کچی ئیبراهیم ئەحمەدەوە بەڕێوەدەچێت، کێشەی هێرۆ خان، کێشەی دایکێکە کە لە ئایندەی کوڕەکانی دەترسێتو دەیەوێت لەنێو هاوکێشەکاندا جێگەیەك بۆ ئەوان بکاتەوە. جگە لەمەش، پێویستی بەوە هەیە بە جۆرێك بجووڵێتەوە کە لە ئایندەی یەکێتییدا بەرژەوەندیو ڕێزی ئەو دوو بنەماڵەیە دەستەبەربکات. هەرچەندە پێناچێت لە ئایندەی نزیکدا، سکرتێر لە دەستی ئەم بنەماڵەیەدا بمێنێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە ڕەنگە رۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕن لە دیاریکردنی سکرتێری ئایندەی یەکێتییدا، بەوپێیەی سێ دەزگای گرنگ لە دەستی ئەم بنەماڵەیەدایە، ئەوانیش؛ پارەیە کە لای هێرۆخانە، دژەتیرۆر (زانیاری)ە کە لای پاڤێڵەو مەکتەبی ئەمریکایە کە لەلای قوبادە.

سەرەڕای هەندێك ناکۆکی، چانسی نەوشیروان بۆ دەستەبەرکردنی ڕەزامەندیی ئەم بنەماڵەیەو بەتایبەت هێرۆ خان لە هەموو کەس زیاترە. بەوپێیەی هەردووکیان ئیش لەسەر سلێمانیچێتی دەکەن لەلایەكو لەلایەکی دیکەشەوە، هێرۆ خان سەرەڕای ناکۆکیی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ بنەماڵەی د. بەرهەمدا، نیگەرانیشە لەو بایەخپێدانە زۆرەی مام جەلالو پێیوایە د. بەرهەم هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەو بنەماڵەیە لە داهاتوودا. سەبارەت بە کۆسرەت ڕەسوڵیش، ڕەنگە هەولێرچێتیو سلێمانیچێتی، خاڵی دوورخستنەوەیان بێت لە یەکتری، سەرەڕای ئەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ ئارەزووی پەیداکردنی هەژموونی خۆی دەکات بەسەر سەرکردایەتیدا، ئەمەش بەلای هێرۆ خان-ەوە دەرهێنانی یەکێتییە لەژێر دەستی سلێمانی بەگشتیو بنەماڵە بەتایبەتی.